وانەی پێنجەم

لەبەر چی فێری توێژینەوەی زانستی دەبین ؟

1. بـــە دەســـــتهێنانی شـــــارەزایی پێویســـــت بـــۆ جێبـــەجێکردنی پـــــــرۆژە و توێژینـــــــەوەکان : جێبـــــــەجێکردنی پـــــــرۆژە توێژینـــــەوەکان بـــــە تایبـــــەت لــــە چوارچێـــــوەی توێژینـــــەوە پراکتیکیـــــــەکان بابەتێکـــــە ڕێکخـــــــراوە جۆراوجۆرەکـــــان چ ئـــــەهلی بــــن یـــــان حکـــــومی گرنگیـــــەکی زۆری پـــێ دەدەن، هـــــەروەها بودجەیـــــەکی زۆر و تایبەتیشـــــی بــــۆ دیـــــاری دەکـــــەن ئـــــــەم ڕێکخراوانـــــــە جێبـــــــەجێکردنی توێژینـــــــەوەکانیان دەســـــپێرن بـــــەو کەســـــانەی کـــــە ئـــــەزموونێکی زۆریـــــان لــــە ئەنجامـــــدانی توێژینـــــەوەی زانســـــتی هەیـــــە، هـــــەروەها بـــــە باشـــــیش شـــــارەزای توێژینـــــەوەی زانســـــتین لەبـــــەر ئەمـــــە

فێربـــوونی توێژینـــەوەی زانســـتی وەكـــو ئیشـــێكە كـــە داهاتێكی باشیشی هەیە .

2. فێربـــوونی شـــێوازی گەیشـــتن بـــە ڕاســـتیەكان و دۆزینـــەوەی نـــەزانراوەكان : فێربـــوونی توێژینـــەوەی زانســـتی دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی قوتـــابی ئســـلوبی گەیشـــتن بـــە ڕاســـتیەكان شـــارەزا بێـــت و بـــە گرتنەبـــەری ڕێبـــازە زانســـتیەكان وەڵامـــی نـــــەزانراوەكان بدۆزێتـــــەوە و بـــــەم شـــــێوەیە قوتـــــابی دەتوانێـــت ڕۆڵـــی هـــەبێت (هەرچەنـــد بچـــوكیش بێـــت ) لـــە گەشەپێدان بە زانیاریەكانی مرۆڤ.

3. بەدەســـت هێنـــانی شـــارەزایی پێویســـت بـــۆ ئامـــادەكردنی توێژینـــەوەی دەرچـــوون لـــە قۆناغەكـــانی خوێنـــدنی بـــاڵا :واتـــا پێویســـــتە قوتابیـــــان لە قۆناغەكـــــانی بـــــەكالۆریۆس و بـــــە تایبـــــەت ماســـــتەر و دكتـــــۆرا توێژینەوەیـــــەك بنوســـــن بـــــۆ

دەرچـــوون لـــەم قۆناغـــانە ، بـــە پێچەوانـــەوە زانکـــۆ ڕێگـــری دەکات لە دەرچوونی قوتابیان لە زانکۆ .

ســـــێیەم : پێداویســــــتیە ســـــەرەکیەکانی توێژینــــــەوەی زانســــــتی چیە ؟

1. هەبوونی کلتوری توێژینەوە .
2. توێژەر .
3. بودجە .
4. کەرەستەکان .
5. بوونی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە .

1. هـــەبوونی کلتـــوری توێژینـــەوە : واتـــا کلتـــوری کۆمـــەڵگا لـــە ئاســـتێکدا بێـــت کـــە گرنگـــی بـــە کـــاری توێژینـــەوەی زانســـتی بـــدات

لەبەر ئەوەی تاکەکان حەز بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بکەن و بەم شێوەیە زانست گەشەی پێ بدرێت .

2. توێژەر : بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستمان بە بوونی یەك یا چەندین توێژەر هەیە .

3. بودجە : هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەبێ دابین کردنی بودجە ئەنجام نادرێت ، دەکرێت ئەم بودجەیە لەلایەن حکومەتەوە یان لەلایەن کەرتی تایبەت دابین بکرێت .

4. کەرەستەکان : جگە لە بوونی بودجە توێژینەوەی زانستی پێویستی بە بوونی هەندێك کەرەستە هەیە وەکو کەرەستەکانی تاقیکردنەوە ، پێوانە کردن ، کۆمپیوتەر ، کتێب ، گۆڤار ، ئەنتەرنێت ... .، ئەوەی گرنگە دەبێت ئەم کەرەستانە لەگەڵ زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم بگونجێت .

5. بـــوونی دەرفـــەت بـــۆ ئەنجامـــدانی توێژینـــەوە : لـــە كـــاتی ئەنجامـــدانی توێژینـــەوەی زانســـتی نابێـــت تـــوێژەر ســـەرقاڵ بێـــت لەبـــەر ئـــەوەی یـــەكێك لـــە بەربەســـتە ســـەرەكیەكانی ئەنجامـــدانی توێژینـــەوەی زانســـتی ســـەرقاڵ بـــوونی تـــوێژەرە. پێویســـتە بـــۆ ئـــەوەی تـــوێژەر دەرفـــەتی ئەنجامـــدانی توێژینـــەوەی هـــەبێت لـــە ڕووی نیشـــتەجێبوون و هـــاتووچۆ كێشـــەیەكی ئـــەوتۆی نـــەبێت، لەلایـــەكی دیكـــەوە دەبێـــت ڕێكخراوێـــك هـــەبێت بـــۆ داكـــۆكی كـــردن لـــە مـــافی تـــوێژەران و هـــەروەها ســـەنتەر یـــان چەنـــد ســـەنتەرێكی توێژینـــەوە هـــەبێت بـــۆ پاڵپشـــتی كـــردن لـــە تـــوێژەران بـــە مەبەســـتی ئەنجامـــدانی توێژینـــەوەی زانســـتی كـــە هـــەمووی ئەمانە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی كات بۆ توێژەر .

❖ تایبەتمەندی و ڕێساكانی توێژینەوەی زانستی :

1. ببێتە هۆی زیاد بوون و پەرەپێدانی زانست .

2. شیاوی تاوتوێ كردن بێت .

3. پسپۆڕی و شارەزایی .

4. ڕاست و دروست بوونی زانیارییەکان .

5. ئارامگرتن .

6. بوێری و نەترسی .

7. پاراستنی بێلایەنی .

8. وردبینی .

9. بوونی بەڕێوبەرێکی بە توانا .

1. ببێتە هۆی زیاد بوون و پەرەپێدانی زانست : لە توێژینەوەی زانستی توێژەر دەبێت بە کۆکردنەوەی زانیاریەکان زانیاریەکی نوێ بخاتەڕوو . لەبەر ئەمە توێژەر دەبێت لەسەر ئەو بابەتانە ئیش بکات کە هێشتا نەکەوتوونەتە بازنەی زانیاریەکانی مرۆڤ یان بە لایەنی کەمەوە بابەتەکە ، ئاڵۆزیەکی پێوە دیارە کەواتە

دووبارە کردنەوەی بابەتێك کە پێشتر نوسراوە، توێژینەوەی زانستی نیە لەبەر ئەوەی زانیاریەك بە زانیاریەکانی پێشوو زیاد ناکات .

2. شیاوی تاوتوێ کردن بێت : توێژینەوەکان چ لە بواری کۆمەڵایەتی بن یان ناوەڕۆکێکی ئەزمونیان هەبێت دەبێت بتوانین تاقیکردنەوە و تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام بدەین .

3. پسپۆڕی و شارەزایی : لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی پێویستە توێژەر پسپۆڕ و شارەزا بێت. لە ئێستادا توێژینەوەی زانستی بە چەندین تیۆری و کەرەستەی جیاواز ئەنجام دەدرێت، بۆیە پێویستە توێژەر شارەزایی لەگەڵ ئەوانە هەبێت هەروەها ئەو بابەتەی کە بۆ توێژینەوە دیاری کردووە دەبێت بزانێت چی لەسەر نوسراوە و چەمك و دەستەواژەکانی ئەم

بابەتە بەباشی شارەزا بێت و توانای شیکردنەوەی زانیاریەکانی بە باشترین شێوە هەبێت. بۆ نمونە شارەزایی لە بەکار هێنانی کۆمپیوتەر و ئامار .

4. ڕاست و دروست بوونی زانیاریەکان : لەبەر ئەوەی توێژینەوەی زانستی بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان هەوڵ دەدات تێژەر دەبێت هەوڵ بدات ئەو زانیاریانەی کە کۆی دەکاتەوە ڕاست و دروست بن و لە خەون و خەیاڵ بە دوور بن، بە پێچەوانەوە توێژەر ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بە دروستی بداتەوە.

5. ئارامگرتن : توێژینەوەی زانستی پێویستی بە تێپەڕبوونی کات هەیە و نابێت لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی پەلە بکرێت. هەندێك لە توێژینەوە زانستیەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجام پێویستیان بە تێپەڕبوونی ساڵێك یان چەندین ساڵ هەیە وەکو

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کەسایەتی مرۆڤەکان یان لەسەر زەویەکی کشتوکاڵی. لە لایەکی دیکەوە توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی توشی هەندێك کێشە و گرفت دەبێتەوە وەکو (نەبوونی کەرەستەکان – کێشەی دارایی – کێشەی خێزانی ....) لەبەر ئەمانە کە باسمان کرد ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی پێویستی بە ئارامگرتن هەیە .

6. بوێری و نەترسی : پێویستە توێژەر لە دوو جێگەدا بوێر و نەترس بێت :

یەکەم: لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانە کە تووشی دەبێت :

هەندێك لە توێژەران لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە توشی مەترسی دەبنەوە ، بۆ نمونە توێژەرێك کە لەناو تاقیگەکاندا خەریکی توێژینەوەیە لەسەر ڤایرۆسێکی

مەترسیدار یان شوێنەوار ناسێك كە لە ئەشكەوتێت خەریكی ئەنجامدانی توێژینەوەیە یان زیندەوەر ناسێك كە لە دارستانەكان سەرقاڵی ئەنجامدانی توێژینەوەیە .... ، ئەمانە هەمووی بە شێوازێك لە شێوازەكان گیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە لەبەر ئەوەی زانیاریەك بە زانیاریەكانی پێشوو زیاد بكەن .

دووەم: لە كاتی نوسینی توێژینەوە و خستنەڕووی دەرئەنجامەكان:

توێژەر دەبێت لە خستنەڕووی دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكەی نەترس و بوێر بێت بە تایبەت ئەو توێژینەوانەی كە لە بواری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی ئەنجام دەدرێن، لەوانەیە دەرئەنجامەكانیان بە دڵی هەندێك لە تاكەكان ، پارتەكان ، لایەنی ئایینی و

نەتــــەوەیی نــــەبێت لەبــــەر ئەمــــە ژیــــانی تــــوێژەر دەکەوێتــــە مەترسی .

7. پاراســـتنی بـــۆ لایـــەنی : تـــوێژەر مرۆڤـــە حـــەز و ئـــارەزوو و بیـــروڕای تایبـــەت بـــە خـــۆی هەیـــە لەبـــەر ئەمـــە بـــاوەڕی بـــە هەنـــدێك بـــەها و ئایـــدۆلۆژیا هەیـــە کـــە دابـــڕان لـــەم بیـــر و ڕایانـــە ئاســـان نیـــە بـــەڵام تـــوێژەر دەبێـــت هـــەوڵ بـــدات لـــە کـــاتی ئەنجامـــدانی توێژینـــەوە بـــۆ لایـــەنی خـــۆی بپارێزێـــت. ئـــــەم کێشـــــەیە زۆرتـــــر لـــــە توێژینـــــەوە کۆمەڵایـــــەتی و سیاســـیەکان بـــە دەر دەکـــەون کەواتـــە تـــوێژەر دەبێـــت بـــۆ لایـــەن بێـــت بـــە پێچـــەوانەوە لـــە کـــاتی قۆناغـــەکانی توێژینـــــــەوە وەکـــــــو داڕشـــــــتنی پرســـــــیار و گریمانـــــــە ،کۆکردنـــــــــەوەی زانیاریـــــــــەکان و خســـــــــتنەڕووی دەرئەنجامـــەکان .... ، لایـــەنگری تـــوێژەری پێـــوە دیـــار دەبـــێ

ئەمەش وا دەکات کە نوسینەکە هیچ نرخێکی زانستی نەمێنێت .

8. وردبینی : بە مەبەستی دڵنیا بوون لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر دەبێت لە کاری توێژینەوە وردبین بێت و هەموو قۆناغەکانی توێژینەوە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و لە دروست بوونی هەموو قۆناغەکان بە تایبەت لە ڕاستی و دروستی زانیاریەکان دڵنیا بێت ، ورد بین بێت لە داڕشتنی بایەتی توێژینەوە لە پرسیار دانان لە پێناسەی چەمکە سەرەکیەکان ، لەکۆکردنەوەی سەرچاوە و خستنەڕووی دەرئەنجامەکان.

9. بوونی بەڕێوەبەرێکی بە توانا : لە هەندێك لە توێژینەوەکان کە بە شێوەی گروپی ئەنجام دەدرێن بوونی بەڕێوەبەرێکی بە توانا پێویستە بە تایبەت ئەگەر توێژینەوەکە پانتایەکی فراوانی هەبێت لەبەر ئەوەی

بەرێوەبەر یان سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە بتوانێت هەموو قۆناغەکانی توێژینەوە بە باشی بباتە پێشەوە و هەروەها چالاکی تاکەکانی ناو توێژینەوە ڕێک بخات بۆ ئەوەی توێژینەوەکە توشی ئاڵۆزی و چەند ڕایی نەبێتەوە .